# نەشونماکردنی بارگرژیی رەگەزپەرستانە لەنێوان کوردو تورکدا، گەلەکان دەخاتە سەر لێواری هەڵدێر

**MARK MACKINNON**

**http://www.theglobeandmail.com/servlet/story/RTGAM.20071030.wturkey30/BNStory/International/home**

**سیار محەمەد ساڵح کردوویە بە کوردی**

**سێ شەممە،** Globe and Mail ، 30 **ئۆکتۆبەر**

**ئەستەنبۆڵ- دەنگی فرۆشیارانەی بڕوابەخۆی ئاساییانەی مورات، بووە چپە کاتێ بابەتی قسەو ئاخاوتن لە نرخی مافور هاتە سەر رەوش و باری ئەو وەك کوردێك کە لە شارێکدا دەژی کە لە وانەیە لەناکاو ببێ بە شتێکی پڕ مەترسی.**

**"خواسایی، من مۆسیقای کوردی لەو کۆگایە لێ دەدەن، بەڵام ئەو رۆژانە نا" ئەو گوتی، چای لەسەر ستولێکی لە شولکە دار چنراو دەخواردەوە کە لەناوەڕاستی چەند شتی عەنتیکەو پەنتیکە لە دوکانەکەی بۆ فرۆتن، داندرابوون، کە شەقاوەرێیەك لە مۆزەخانەی بەنێوبانگی ئایاسۆفیای ئەستەنبۆڵ دوورە. "خەڵێکی زۆری ئەم دەوروبەرە دەزانن من کوردم، هەر لەبەر ئەوە رکیان لێم دەبێتەوە، ئەوانی دیش ئەگەر بۆیان بکرێ ملم دەبڕنەوە، بەس تەنیا لەبەر ئەوەی کوردم".**

**مورات، پیاوێکی کزی باریکەلەی سمێڵ رەشە، کە دوا ناوی خۆی نەگۆت، لە ترسی ئاکامێکی ناراستەوخۆی نادیار، کەمێ موبالەغەی دەکرد. کاتێ کە بارگرژیی رەگەزپەرستانە لەنێوان کوردو تورکاندا ، شانبەشانی پەرەسەندنی شەڕو کوشتاری نێوان سوپای تورکیا و یاخیووەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، هاتە ئاراوە، مسۆگەر ئەوانە لەبەر ئیتنێتییان ئەزیەتیان دەدەن.**

**لەم رۆژانەی رۆیی، خەڵکی لە چەندین شاردا پەلاماری ئەو دوکانانەیان دا کە خاوەنەکانیان کوردن، لە پاڵ بارەگای ئەو حزبە سیاسیانەی کورددا کە لە پەکەکەوە نزیکن. خۆپیشاندانەکانی دوێنێی ئەستەنبۆڵ بەبۆنەی رۆژی کۆمار لە تورکیا،** 84**ەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی دەوڵەتی تورکیای نوێ، سردوو هیتافی ناسیۆنالیستانەیان دەگوتەوەو ئیدانەی پەکەکەیان دەکرد، تێکەڵ ئەو کەسانە بوو کە راشکاوانە رەگەزپەرست بوون دژی کوردان.**

**لە ئەستەنبۆڵ، کە شارێکی مەشرەب-خۆشی خواساییە، لەناکاو ئەو خۆشییە لەبەر شەڕ نەما، ئاڵای سپی و سوور بگرە نزیکەی لەسەر هەموو بانێکدا دەشکێتەوە و بەپێشەوە ترومبێلانەوە کراوە. بەلانی کەمەوە، لە کۆتایی ئەم حەفتەیەدا،** 5 **خۆپیشاندانی دژە پەکەکە، تەنیا لە ناوەڕاستی مەیدانی تاکشیم لە ناوەڕاستی شار بەرپا کران.**

**وا چاوڕوان دەکرێ بارگرژی زێتر ببێ، ئەگەر لەسەر هەرەشەی خۆی بۆ پەلاماردانی باکووری عێراق کە کورد حوکمڕانی تێدا دەکا، بۆ راوەدوونانی** 3000 **شەروانێکی پەکەکە کە بروا وایە بنکەو بارەگایان لەوێ هەبێ.**

**دوێنێ دوبارە هەلیکۆپتەرەکانی تورکیا پێگەو بنکە گومانلێکراوەکانی پەکەکەیان لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا بۆمبارانکرد، وەك سەرەتاو پێشقەرەوڵێکی ئەو هێرشە چاوەڕوانکراوەی کە زۆر کەس بڕوایان وایە بەم زووانە، لە حەفتەی ئەولاتر، پاش دیمانەو هەوڵو تەقەلای دیپلۆماسی لە واشنتۆن لە** 5**ی تشرینی دووەم لە نێوان رەجەیب تەیب ئۆردوگانی سەرۆوەزیرانی تورکیا سەرۆکی ئەمریکی جۆرج دەبلیۆ بۆش.**

**زەبروزەنگ رەنگدانەوەی خەتەری هەیە. لەنێوان هەشتاکان و نۆهەتەکاندا، لە شەڕو کوشتاری نێوان سوپا و پەکەکە،** 30000 **کەس گیانیان لەدەستداوە.**

**زۆر لە تورکەکان راشکاوانە گلەیی و گازاندە لە تەواوی کوردان دەکەن، لەبەر ئەو پەلامارە تازەو چڕو پڕانەی پەکەکە لەم چەند مانگەی دواییدا کە بەدەرزەن سەربازو مەدەنیی تورکی سەریان تیا چووە. لەکاتێکدا، پتر لە** 12 **ملیۆن کوردی تورکیا بڕوایان وایە سوپای تورکی نەك تەنیا دەیەوێ پەکەکە تەفروتونا بکات، بەڵکە دەیەوێ ناوچەی خۆبەرێوەبەری کوردیش لەناوبەرێ کە لە**

باکوری عێراق هاتۆته ئاراوەو زۆر کەس و لایەن پێانوایە ئەو یەکەم پێنگاڤە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی گەورەتر کە هیوایان وایە رۆژێك دابێ، پارچەکانی عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا بگرێتەوە.

مەهدی پەرینجەك، نوێنەری کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤی تورکیا لە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی زۆرینە کوردنشینندا، گوتی ژمارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەگەڵ شەڕو کوشتاری نێوان سوپا و پەکەکە زیادی کردووە.

"خولیای ناشیۆنالیزم لە تورکیا بەرەو ژوور هەڵەکشێ و هەموو جۆرەکانی کێشەو گرفتی لێدەکەوێتەوە. هەر هێرش و پەلامارێك (سوپای تورکی بیکا) کارلە ژیان و گوزەرانی کوردەکانی ئەمدیوەی سنوور دەکا" ئەو گوتی لە دیمانەیەکدا لە ئۆفیسی خۆی لە شاری دیاربەکر.

هەندێ تورك کە رەگەزپەرستییەکی نا لێبوردە پەرەپێ دەدەن، دەڵێن مادام کوردێکی کەم دژی پەکەکە وەقسەهاتوون، کەواتە هەموویان لە هێرش و پەلامارەکانی پەکەکە بەشدارن.

"ئەگەر ئەمە وابڕوا، ئەوا ئەو کوردانەی لە ئەستەنبۆڵ و باقی ولاتدا دەژین، مەینەتیو تالاو دەچێژن نەك تورك" ئەوە قسەی بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی سەرەکیی بینایە کە بارەگای لە ئەستەنبۆڵە و پێی خۆش نەبوو ناوی ئاشکرا بکرێ.

ئەو بە شان هەڵتەکانێکەوە (بەقەشمەرییەوە)دوبارە لەو چەند دەرزنە کرێکارە کوردەی لە کۆمپانیاکەی ئەو کاریان دەکرد، دەپرسی بۆ هیچ خۆپیشاندانێك دژی پەکەکە لە ناوچە کوردنشینەکانی ولاتدا نەکراوە. کاتێ بەڕێوەبەرەکە هیچ وەلامێکی باوەرپێکراوی لێ وەرنەگرتەوە، ئەو گوتی: دەرحاز هەموویانم ئیزندان. "من 100 کەسم لێ فنیش کردن، بەس لەبەر ئەوەی کورد بوون، با لەگەڵواندا بچنە جەهەنەم".

بۆ هێورکردنەوەی ئەو هەست و هەڵچوونانە، سەرۆك عەبدوڵلا گویل وتاری رۆژی کۆماری بەکارهێنا بۆ بانگەشەکردن بۆ یەکێتی. "دەق وەکو چۆن لە شەڕی سەربەخۆییدا پێکەوە وەکو یەك میللەت، وەستاین، ئەمرۆش بەیەکگرتوویی ، ئێمە خەبات دەکەین بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو کۆسپەکاندا" ئەمە لە بەیان وئاخاوتنێکدا کە دوێنێ کەم کەس سەرنجیان دایێ.